# د. محمد سید نوری بازیانی/سەرۆکی سەنتەری هودا بۆ لێکۆڵینەوی سیاسی و توێژینەوەی ستراتیجی

## ستراتیجیەتی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوین و ستراتیجیەتی دەوڵەتەکانی دەوروپشتی هەرێمی کوردستان و ستراتیجیەتی کورد... هاوکێشە لە نێوان ئەم ستراتیجیانەدا ...

## 28 / 10/2007

بۆ زانینی ئەم بارووددۆخەی بەسەر ناوچەکەدا تێدەپەرێ پێویست بەوە دەکات خویندنەوەمان بۆ سێ جۆر ستراتیج هەبێ بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانیاریمان هەبێ بۆ ئەم دۆزە ناسکە، بۆ مەنهەجیەتی عیلمی بە چاکمان زانی باسی سێ جۆر ستراتیج بکەین:

**یەکەم:** ستراتیجیەتی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین و هێماکانی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی: لە توێژینەوەیەکدا کە لە هەفتەی رۆشنبیری (مدی) لە هەولێری پایتەخت لە هوتێلی شیراتۆن لەبەرواری 2007/5/1 وەك توێژینەوەیك لەلایەن ئێمەوە خویندرایەوە، لە ژێر ناونیشانی (الاستراتیجیه الأمریکیه الجدیده في العراق ومعالم تکوین الدوله الکوردیه) ئاماژەمان بەو راستییەدا کە ئەمریکا ستراتیجیەتی لە رۆژهەلاتی ناوین پارچە پارچەکردنی عیراق و ئیران و سوریا و چەندەها دەوڵەنی ترە، وەبۆ عیراق وا تێدەگەین ببیتە زیاتر لە چوار دەوڵەت دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عیراق، دەوڵەتێکی سوننی لە ناوەندی عیراق و دەوڵەتێکی شیعی موقەددەس لە کوفەو نەجەف کە خومسی (پێنجێکی) سەروەت و سامانی شیعەی جیهان لە خۆدەگرێ، هەروەها دەوڵەتێکی دەوڵەمەند لە بصره و عیماره کە یەدەگێکی یەگجار زۆری نەوتی تێدا دەبێت (نەوتی دورگەی مەجنون) وە دەلکێت بە ئەنجومەنی هاریکاری دەوڵەتانی کەنداو (مجلس التعاون الخلیجی)... بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژەمان بەلێدوانەکانی سەرۆك و سیاسەتمەداران وتوێژوەرانی ئەمریکا و هەندێك لە سەنتەرە لێکۆڵینەوەکانی ئەمریکی دا هەروەها ئاماژەمان بەتوێژنەوەکەی سیاسەتوان و دبلوماسکاری بەناوبانگی ئەمریکی (بیتر غالبیرت) کرد کە بەم دویانە کیتابێکی دەرکرد بەناوی کۆتایی عیراق ( The End of IRAQ) تێدا کە دەڵێت : (چۆن تەماشای ووتەو کارو کردەوەکانی سیاسەتمەداران و سەرکردایەتی ئەمریکا دەکەیت ، دەگەیتە ئەو دەرئەنجامە کە عیراق بەرەو دابەشبوون دەچێت، بەلاَم تا ئێستا ئاشکرا نەکراوە، تەنها جیاوازیان لە ئیخراج و دەرهێنانەکەی هەیە).

**دووەم:** ستراتیجیەتی دەوڵەتانی دەوروپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

1 - ستراتیجیەتی تورکیا: تورکیا هەر لەسەردەمی (اتحاد و ترقی)یەوە تاکو کەمالیستەکان تاکو ئەمڕۆش دژ بە دروستبوونی ئەو دەوڵەتە کوردیەن تەنانەت نەك دەوڵەت بەڵکو تەنانەت حوکمە زاتیە کارتۆنیەك.. تەنانەت تاکو هاتنە سەر دەسەلاَتی حیزبی دادو گەشەپێدان تۆزێك وەزعەکە گۆڕا، ئەگینا دانیان بەبوونی کورد نەئەنا وەك میللەتێك بوونی هەیە، بەکورد دەوترا (تورکە شاخاویەکان)

2 - ستراتیجیەتی ئێران: ئێران بەچەشنی تورکەکان هەرگیز لەگەڵ دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا نین، چونکە وەك تورکەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کۆپی

ئەوەی کوردستان لە کوردستانی ئێران دووبارە دەبێتەوە، چونکە ئیران لە پرۆژەی ئەمریکادایە بۆ پارچە پارچە بوون و دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی ئێران وە لە داهاتوودا لە کونفدرالیەتێك لەگەڵ کوردستانی عیراقدا یەك دەگرن.. زۆر جار ئاماژە بە سەرۆکی ئەمریکی پێشوو رۆزفلت لە ساڵی 1944دەکەن کە دەڵێت : (دەوڵەتێکی کوردی موحد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی ئەمنی قەومی ئەمریکییە کە گەورەترین ناوچە نەوتی و ئاوی لە خۆ دەگرێت).. ئەوانیش ستراتیجیەتیان وەك تورکەکان لەباربردنی ئەم ئەزموونەیە.

3 - ستراتیجیەتی سوریا: سوریاش بەهەمان شێوەی تورك و سیاسەتوانانی جمهوری ئیسلامی ئێران لەگەڵ دروستبوونی ئەم دەوڵەتەدا نین چونکە دەزانن ئەمریکا پرۆژەی گۆڕانی نیزامی سوریان هەیە و هەروەها دەیانەوێ سوریا پارچە پارچە بێت، لەو ناوەندەدا لادەوڵتێکیش بۆ کورد دروست بێت، لەوەش زۆر دەترسن کە ئێستا هێزی کورد و حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی سوریا وەك رەوتێکی گەورە ئەو رۆڵە دەبینن، بەتایبەت مامۆستا صلاح بدرالدین

سێەم : ستراتیجیەتی کورد دەتوانین ئەو ستراتیجیەتە بکەینە دوو بەشەوە:

1 - ستراتیجیەتی دەسەڵاتی کوردی بە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان وحکومەت: بەداخەوە ئەم ستراتیجیەتە وەك پێویست نییە، هێماکانی نەتەوەی زۆر روون و ئاشکرا نییە، لە ئاستی ئەو دوو ستراتیجیەتەی سەرەوەدا نین (ستراتیجیەتی ئەمریکا و دەوڵەتەکانی دەورو پشتی کوردستان).

2 - ستراتیجیەتی حیزبە کوردستانیەکانی تورکیا و سوریا و ئیران.. ئەمانیش بەداخەوە خاوەن ستراتیجیەتێکی روون و ئاشکرا نین، زۆرجار کاری یەکدی زەرەرمەند دەکەن، هەندێکیان نەبێت وەك ئینصاف، ئەگینا ستراتیجیەتی نەتەوەی لەبەر چاو ناگرن.. بۆیە هەموو لایەك زەرەرمەند دەبێت.

بۆیە دەبێت کورد وەك دەسەڵات حیزبە کوردستانیەکانی هەر چوار کوردستان دەبێت هەوڵی دروستکردنی ستراتیجیەتێکی تۆکمە بدەن، بەبێ وروژاندنی دەوڵەتانی تورکیا و ئیران و سوریا، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی کوردستان چونکە ئەزموونی هەموو کوردە، هەروەها دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەبێت خاوەن ئەو پرۆژە نەتەوییە بێت.

---